# هەڵمانە و باڵندەی بەرزەنجا

**نووسینەوە بە کوردی: ئازاد کەریمی**



# پێشەکی

ناوازەترین دەقە چیرۆکیەکان هی سومەر و ئاکادن...

سەرەتا با بڵێم چیرۆک بەرانبەرە لەگەڵ وشەی اسطورە لە عەرەبی و Myth لە ئینگلیزیدا.

با بڵێم خودی وشەی ئۆستورە (اسطورە) لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردی کۆنە و لە زمانی ئەستێرەوانی کۆندا کە زمانی کوردی بووە گوازراوەتەوە بۆزمانی عەرەبی.

ئەوەی کە ئەڵێن لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە کورد و عەرەب یەک ئەناسن شتێکی نازانستی و درۆیە. کورد و عەرەب زۆر لە کۆنە یەک ئەناسن و پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

دین و ئایین و تەنانەت ئەو خانووە پیرۆزەی موسڵمانەکان لە مەککە واتە کەعبە ڕەگ و ڕیشەی لە ئایین ی موغان و مەهرابیسم ی کوردی کۆندایە. کەعبە واتە کاپ یان قاپ کە بریتییە لە ئێسقانی نێوان کەشکەژنۆ و چۆک. هەتا ئێستاش هەندێ خەڵک قاپێن و زاپێن ی پێ ئەکەن. جۆرێ لە قوماری خەڵکی لای خۆمانە. بەڵام لە کۆندا ئەستێرەوانان و پیاوانی ئایینی مەهرانی واتە پاک ەکان و کاردەنەکان و ئاتورپاتەکان و گاورەکان و کاهێنە کوردەکان کە باوکی حەزرەتی ئیبراهیم یەکێ لەوان بووە لەم ئێسکە کەڵکیان وەرگرتووە بۆ کاری ئەستێرەوانی و بەخت ئازمایی.

گۆری کردن و قوربانی کردن وەک نەریتێکی دینی لە ئایینی مەهرانی یەوە داکەوتووە و گا قوربانیی هەرە پیرۆز بووە و بە گوێرەی ئەم ئایینە کاتێ ئیزەد ماردوخ یان میکاییل کارد لە ملی گای پیرۆز ئەدا و قوربانیی ئەکا، گا چۆک دائەدا و بۆ ئەوەی نەکەوێ بەلادا خودی ماردوخ پێ ئەنێ بە پێی گادا و ڕاییەگرێ لە هاوسەنگیدا. ئەو چۆکەی وا گا سەنگ ئەداتە سەری هی دەستی ڕاستی گایە و سمی گا کەوتووە بە سەر پشتی ئا-شور یان شێری هانە لە مانگی گەلاوێژدا. بەڵام ئێسکی قاپ وا ڕفیسکە ئەبزوێنێ لە مانگی سوخورماش یان جودای دا یە. قاپ لە لینجایی دا وەک کلکی ماسی لە ئاودایە وا ئەبزوێ و ماسی پێی ئەجووڵێ.

و یەکەم ڕۆژی ئەم مانگە واتە مانگی جودای دەبێتە یەکەم ڕۆژی ڕووناکایی گۆی زەوی بە هۆی هاوسەنگ بوونی زەوی لە جیهان دا لەگەڵ مانگ و خۆر و یەکەم جووڵەی زەوی کە زەمان و کات لە حاڵەتی تەجریدی یەوە دێتە جیهانی ئۆبژە و عەینیەتەوە و ئێنێرژی ئازاد ئەبێ و جووڵە دەست پێ ئەکا.

کارم بەوە نیە گێل و گەوجەکان چۆن چووە بە مێشکیاندا، بەلاشمەوە گرنگ نیە ئەوانە مێشکیان ئەگۆڕدرێ یان نا بەڵام زانستی ئەستێرەوانی کورد و ئایین و چیروانۆک و کولتور و هەموو شتی بە زمان و نووسینەوە لە یەک کاتێگۆری دا چەمک ئەگرێ.

کە ئەڵێم کورد مەبەستم فاتێ بۆرە و حەمەچەورە و شەمێ و مەلادەنگ گەورە و شێخ گوڵەدین و کاوەی ئاسنگەر و میرزا ڕووتەڵە و ابن اثیر و فلان و فیسار و ئەم و ئەو نیە وا ئێستا لەوانەیە ئێمە بیانناسین من باس لە دەیان هەزار ساڵ پێش ئێستا ئەکەم ئیتر ئەوە کێشەی من نیە تۆ لە تاو هاوسێ ماڵ ...نی منداڵی خۆت ئەدڕی و لەبەر ئەوەی من بخەیتەوە بە درۆدا خۆت ئەخەی بەسەر کەوشی پاک و پیس دا بۆ ئەوەی قسەیەک بکات و بەشکەم لە ناو ئەو قسەدا شتێکی لێبدۆزیتەوە و چەپ لە من بتەقێنی و من بخەیتەوە بۆ درۆدا. بینیومە! لەخۆمەوە قسە ناکەم! نامەوێ ناوی منداڵەورتکە زل بکەمەوە بە سەر ئەو خەڵکەدا بۆیە ناوی کەس ناهێنم.

نووسینی ئەمانە وانەی پەندە بۆ کەسانی دوای ئەم سەردەمانە دەنا من بەلامەوە گرنگ نیە کێ چۆن سەبارەت بە من بیر ئەکاتەوە یان چیم پێ ئەڵێ. لە سایەی خوداوە ئەم ماوەیە ماسک و دەمامک لە ڕووی چاک و خراپ هەڵماڵرا و دەم و چاوی هەموو کەس دەرکەوت. ئەوە ڕووی سپی من و ئەوەش ڕووی ڕەشی نەیاران و دوژمنان!

کەعبە لە ڕووی ئەستێرەوانییەوە ئەکەوێتە شوێنی ئێسکی قاپ ی گای قوربانی. ئەوەش شتێکی ناوازە نیە. دەیان شوێنی زەوی هەیە کە بە هۆی هەڵسووڕانی زەوی ئەکەوێتە ژێر ئەو شوێنە ئاسمانییەوە وا قاپی ئەژنۆی گای پیرۆزی لێیە. بەڵام خاڵی دەسپێک بۆ جووڵەی زەوی شاری سەقزە و ئوستوورەی گای قوربانی لەوێوە دەس پێئەکا و تۆی موسڵمان وا هەموو شتت بەلاوە گرنگە کوردایەتی نەبێ ئیتر خۆت با مەدە و لووت دامەژەنە. تۆ کورد نیت و تۆ ئیخوان المسلمین ی و عەرەب و ئیسلام و موسڵمانان وەک خۆت ئەنووسی موسوڵمانااااااان داڵغە و ئامانجی تۆن.

بەهەر حاڵ، کەعبە شوێنی قوربانی کردن بووە لە بەردەم بوتەکاندا، خانەوادەی پیەغەمەری ئیسلام هەموویان پشتاوپشت هەتا اسماعیل کاردەن ی میتانی بوون. میتانی پاشایەتی هەرە کەونارای میترایی کورد بووە. و بە گوێرەی دەقە کۆنەکان هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئیسرائیل و حجازەوە لە ژێر دەستی ئەواندا بووە.

من ناچمە ناو ئەو ئەفسانانەوە وا لە تاریخە ئیسلامیەکان و مەولودنامەکاندا نووسراون و مرۆڤ سەری سووڕ ئەمێنێ لەو شتە نازانستی و خورافیانەوە وا ئەدرێنە پاڵ پیەغەمەری ئیسلام.

ئاینی باوک و باپیرانی محەمەد هەمان ئایینی خانەوادەی پیرۆزە خانم هاوسەری پیەغەمەر موسایە. پیرۆزە یان سەفورا یان زیپورە کچی جەترون دادوەری میتانیی کورد بووە. نێفێرتیتی هاوسەری ئاخناتون ی فەرۆخی مسریش کوردێکی میتانی بووە. ئەویش لە سەر هەمان ئایین بووە.

دادوەرەکان توێژێکی تایبەتی بوون لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی کۆندا. یەک لەوان دی ئاکو بووە. ئاکە، کاکە، ئەکاک، کاکی، کاکوی، ئەگاگ، ئەجاج، هەجاج، هەجیج و دی یوک و دیاکۆ هەموو بەواتەی کاکە دێن وکاکە واتە قاضی و دادوەر.

"کاکە"، نازناوی شێخانی تەریقەتی گەیلانی کوردیشە. شێخانی دۆزەغەرە و بەرزەنجە و شەدەڵە و کەسنەزان هەمووی بە کاکە بانگ کراون و بانگ ئەکرێن.

من ناچمە ناو ئەو بابەتانەوە بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەم پرۆژەی هەڵمانە و بەرزەنجە دوور نەکەومەوە. ناشمەوێ زۆر شی بکەمەوە با هەر لە ڕووی ئەو زانیاریانەوە دوژمنان لە فەرهەنگی ئێمەی کورد نەدەن. لە بەر ئەوەی کە ڕاستیەکان ئاشکرا ببن دوژمن ئەزانێ لە چی بدا تاکوو نابودی بکا. هەر بۆیە منیش نایدرکێنم و دوژمن لە تەم و مژدا ئەهێڵمەوە هەتا ئەو کاتەی ئەیانئێمە چاڵەوە و ئەوسا بە ئازادی باسی ڕاستیەکان ئەکەم. بەڕاستی ئەوەش با بڵێم نایانوسمەوە لەبەر ئەوەی مەترسی لە سەر نووسراوەش هەیە، ئەگەر دزرا ، ئیتر کەوتووەتە دەستی نەیار و تەواو، هەر بۆیە ئەو ئەرکە بە خۆم نادەم شتەکان بنووسم و ئەمجار خەفەت بۆ پاراستنی ئەوانەش بخۆم. باشتر وایە لە دڵمدا ڕایانگرم، ئەگەر چارەنووس یاریەی دام منیش ئەینووسم و بڵاوی ئەکەمەوە.

ئەڵوەن و بەرزەنجە یان هەڵمانە و باڵندەی ئانزود واتە ئەوەی وا ئێستا لە بەردەستاندایە بەشی کۆتایی چیروانۆکی ئەنمەرکار شای ئاراتتەیە و لە ئاسەوارە سومەریەکاندا بە ناوی لوگالباندا و باڵندەی ئانزود تۆمار کراوە.

ئەڵوەن، هەڵمانە، حلوان، ئاڵمانە و مەندەلی و بەندەگەڵو هەروەک باسم کرد هەمان لوگاڵباندای دەقە سومەریەکانە. لوگالباندا لە خۆیدا بریتیە لە عقدثریا یان پەروین، کۆمەڵە ئەستێرەیەک وا لە گەلەستێرەی گا دایە.

ئەڵوەن ناوی ڕووبارێکە لە خانەقین و ناوی چیایێکە لە هەمەدان. هەمووومان دەزانین خانەقین شارێکی کوردی یە و هەمەدان ئێستا شارێکی کوردی نیە بەڵام دیارە زۆربەی لادێکانی دەوروبەری کوردن و بابەتاهیر ئۆریانی عارفی گەورەی کورد خەڵکی ئەوێیە.

ئەڵوەن یان هەڵمانە پاتزی یان ئاتروپات ی شاریئوروک بووە و هەروەها سەرداری قەلەندەرشا بووە و کاتێ شەڕ لە نێوان ئاراتتە و ئونوگ دەست پێدەکا، قەلەندەرشا دەیەوێ ڕەزامەندی ئیزەد هانە بەدەس بێنێ بۆ ئەوەی ئەوداڵ شا دەسەڵاتداری شاری ئونوگ ببەزێنێ و حوکمی ئەو شارەش بگرێتە دەست.

لە ناو ئەم دەقەدا وا خەریکن ئەیخوێننەوە چەن شتی ناوازەم بینی کە بە تەواوی هاتە دەستم ماجەراکە چیە. با بڵێم پاتزی یان ئاتروپات بەگ یان دەسەڵاتدار و دادوەر و پیاوی ئایینی شار بووە لە سەردەمی پیرۆزدا. لە شوێنێکدا بە باڵندەی ئانزود دەڵێ تۆ چارەنووسم بنووسە و منیش بە دار وێنەت ئەتاشم و بە خەڵکی شارەکەم دەتناسێنم با ناوبانگت بڕوا.

لە ژیاننامەی حەزرەتی ئیبراهیم دا دەبینین ئاتروپات تارۆخ(ئازەر)ی باوکی جەنابیان لە دار وێنەی کەسانێ دروست ئەکا وا پێی وایە چارەنووس بۆ مرۆڤەکان ئەنەخشێنن. کەواتە بەگ یان ئاتروپات ئەرکی درووست کردنی وێنا و بوتەکان لە ئەستۆیدا بووە و هەڵمانەش بە زمانی خۆی ئەڵێ کە ئاتروپات ە و بت درووست دەکا.

ئەگەر سەرنج بدەن بەشی دووهەم و سێهەمی ئەم چوارانە(Quad)م بە ناوی قەلەندەر و شوانکارە نووسیوەتەوە. شوانکارە ناوی ها بە خۆیەوە واتە شوانی لای بەرغەل و گایەل.

ئەوداڵ شا حاکمی شوانەکان بووە واتە خۆی گەورە شوان یان چۆدار بووە. لەم دەقەدا قەلەندەر بە ئەڵوەن ئەڵێ بچۆ بۆ لای ئیزەد هانە و گلەیی لێبکە لە لایەن منەوە و بڵێ من زۆنگاوەکانم وشک کرد و کردم بە ئاوەدانی و کێڵگە بەڵام لە سومەر و ئاکاد خەڵکی مەرتو پەیدا بوون وا کشت و کاڵ ناکەن.

کەواتە دوو شت دەر ئەکەوێ: بە پێچەوانەی ئەوەی وا پێمان گوتراوە گوایە ئاکادەکان ئاژەڵدار بوون و لە دەرەوەی مەزۆپۆتامیاوە هاتوون ڕاست نیە و ئاکادەکان خەڵکی ڕەسەنی کوردستانی کۆنن.

بابەتی دووهەم وشەی مەرتو یان مەردو بەواتەی مەردوم و ڕەشایی و خەڵکی نەجوتیار هاتووە. کەواتە ئەوانە ئاژەڵدارن. ناتوانین بڵێین بێکارن. لەبەر ئەوەی بێکاری و لەناوچوون لە چەمکی شارستانیەتدا لە ئاستێکدان. دیارە مەردو واتە ئاژەڵدار و ئەوانە لایەنگری ئەوداڵ شای شوانکارە بوون. ئەوان گەڕۆک بوون و بەدوای ئاژەڵەوە بوون. ئەوان ملکەچی قەلەندەرشای پاتسی (پەت، بەگ، مەگ، مەخ، مۆغ یان فئودال) نەبوون. هەر بۆیە قەلەندەرشا لێیان تووڕەیە و ئەیەوێ ملکەچیان بکات.

لوگالبەندە یان هەڵمانە ناوێکە بەسراوەتەوە بە ئاو و دەرەوشاوەیی ئاو و ئیزەد هانە پارێزەری ئاوەکانی سەر زەوی. خۆیشی ئاوێکە وا لە درزی کوێستانەوە دزە ئەکاتە دەرەوە.

جوانیی ئەم داستانە لە شوێنێکدا ئەگات بە لووتکە کاتێ باسی سوخورماش ئەکات.

سوخورماش واتە سورخە، سەرخاو، خوسرەو، خەسرەو، ئاخسەرە کە بریتیە لە بزن ئاو، ماسی بز، بزن ماسی یان گدی ، گودای، گودە، گەودە، گەودان، گودەئا، دوگای، دوجا، جادو، گادو، کادو، کادە، ئاگادە، ئاکاد، کودی، گودی، گوتی، کوتی.

وێنەی سوخورماش لە لایەن هادی زیائەدینی یەوە کراوە بە نەخشی دیوار لە سەیرانگای ئەمیریە. ئەڵبەت ئەمە یەکەمجارە من باسی ئەم بابەتە ئەکەم و ئەمەوێ خەڵکی خۆمان بزانن هەر نەخش و وێنەی دێرین بە کاسە و گۆزە و دەوری و لێوان و ئاوخۆری و دیوار و خشت و موزاییکەکان لە کوردستان دا دەدۆزرێنەوە هەمووی ناوی خۆیان هەیە و داستان و بەسەرهاتی خۆیان هەیە. بۆیە پێتان ئەڵێم یەک دانە لەم ناوانە بۆ ئێمەی کورد بێگانە و نوێ نیە!

سوخورماش یان جودای واتە مانگی یەکەمی زستان مانگی دەسپێکی زەمان و کات و ڕووداوەکانە. لە بەشە دواییەکانی ئەم بابەتەدا باس لە پێشکەش کردنی ماسی ی قوربانی ئەکرێ وا سوخورماش پێشکەشی ئەکا بۆ پاراستنی هێزی شەڕوانی و ئازایەتی ئیزەد هانە وا ناوی چەکی ئائانکارە.

ئەو هێزە لە ورە و ناخی ئیزەد هانەدایە.

ئەم چیرۆکە واتە چیرۆکی لوگالباندا و باڵندەی ئانزود بەشی چوارەم و کۆتایی ماجەرای ئەنمەرکار و ئاراتتەیە. شوێنی ڕووداوەکان کوردستانی کۆن و بەشێک لە ئێراقی ئێستایە. لە چیرۆکەکەدا باسی شوێن و هەتەری باڵندەکە ئەکات و ئەڵێ لولوبی و ڕووباری زابۆ.

لولوبی لە چەن وشوێندا نووسیومە برێتییە پاڵە یان فەیلە و سەرپێڵ(نبوپیلاسەر) و داڵاهو(ئەوداڵ). زابۆ هەمان دەشتی زەهاوە. دیواری ئونوگێش بریتییە لەو زنجیرە چیایەی وا بە کوێستانی حەمرین ئەناسرێ.

لوگالباندا یان ئەڵوەن دەسەڵاتداری شاری ئوروک یان ئاکرێ یە. لە شەڕدا ئەکوژرێ بەڵام ئەپارێتەوە و زیندوو ئەبێتەوە. کاتێ لە گۆڕە کوێستانیەکەی دێتە دەرەوە ئەگا بە هێلانەی "هەڵۆشێر" یان ئانزود کە بە زەندو دەناسرێ و خواردن ئەکا بە دەم بەچکە هەڵۆکەوە و کاتێ دایکە هەڵۆشێر یان زەندو ئەگەڕێتەوە و چاوی بە هەڵمانە ئەکەوێ، یارمەتی ئەڵوەن ئەدا بچێتەوە بۆ شارەکەی خۆی.

ئانزود، زەندو یان هەڵۆشێر لە چیروانۆکی ئافراندنی ماردوخ دا دەور ئەگێڕێ و بۆیە پیی ئەڵێن زەندو لەبەر ئەوەی لەسەر زەندی دەستی ئیزەد ئێنکی دا ئەنیشێتەوە. ئەوەش نازناوی بەرزەنجا ئەدات بە

دەستی ئیزەد ئێنکی. سەرنجراکێش ئەوەیە باڵندەی ئانزود دەڵێ ئیزەد ئێنلیل ڕای خستوەتە دەستم چارەنووسی مرۆڤەکان بنووسم. هەروەها ئەنزود ئەڵێ من پارێزەری پاکان و دروستکارانم لە سەر ڕێگەی باریک و راستدا. چارەنووس و ڕێگەی ڕاست و پێناسەکردنی مرۆڤی درووست بەو کەسانەی وا بە ڕێگەی ڕاست و باریک دا ئەڕۆن هەمان ئامۆژگاریەکانی زەردەشت و پیرانی گاوری مەهرانی یە. واتە ئایینی بایی و تەرازووی دادپەروەری و یاسای هاوسەنگی کردار و پاییشت و سزا.

کۆتایی ئەم داستانە کۆتایی ئێنێ بە چیروانۆکی ئاراتتە و ئونوگ و دژایەتی کردنی قەڵەندەرشای بەگ و ئەوداڵ شای چۆدار.

چۆدار، چۆیدار،چۆیار، چۆدار، شۆدار، شۆیدەر، دەروێش و شویدەر هەموویان یەک وشەن و بە واتای ئاژەڵدار دێن واتە بازرگانی ئاژەڵ و ئەوان گەڕۆک بوون. پیەغەمەر ئیبراهیم و لودی برازای شویدەر واتە چۆدار بوون. شوانیش ئەو کەسەیە وا ئاژەڵ ئەبات بۆ کوێستان و ئاگای لییانە.

وادیارە قەڵەندەرشا ئەوداڵ شا ئەبەزێنێ و دەوری هەڵمانە وەک فرستادەی قەڵەندەرشایە.

لە کۆتاییدا با بڵێم لەوانەیە هەندێ لە وشەکانم تاڵ بن بەڵام تاڵتر لە وشەکانی من ئەو ڕاستییەیە وا پیسی و درۆ و دەڵەسە دنیای داگرتووە. من هیچ کات وەک ئەم چەند مانگە دواییە دنیام بێ سەر و بەر نەبینیوە.

هیوادارم خوا یارمەتیم بدا و بتوانم لە داهاتوودا چەند دەقی دیکەی سومەری وەرگێڕمەوە بە کوردی.

هیچ شتێک لە دنیادا بە قەد دۆزینەوەی ڕاستی ماجەرایێک چێژبەخش نیە.

هیوادارم شوێنکەوتەی ڕاستیەکان بن!

خۆشترین مژدە و ڕاستترین ڕاستیەکتان با بۆ بدرکێنم وا بەڵگەیە و چەند و چوونی ناوێ و قاڵی قسە و باس ئەبڕێتەوە و ئەوەش ئەم بابەتەیە وا بۆتان باس ئەکەم وکۆتایی پێدێنم:

نەمویستووە بتانترسێنم بەوەی کە ئەو کەسانەی وا دەقەکانەکانیان دۆزیوەتەوە و یان ئەو کەسانەی وا بۆ یەکەم جار ئەم دەقانەیان وەرگێڕاوەتەوە زۆر شتیان زانیوە و شاردوویانەتەوە و باسیان نەکردووە. دیارە پێش هەموو شت مەبەستی سیاسی لە پشت بووە و بە پاساوی ئەوەی: ئەم وشە لەم شوێنەدا شکاوە و ڕووشاوە ، ووشە زەقەکانیان وەرنەگێراوەتەوە. بەڵام من سوخورماش م وەرگێراوەتەوە لە شوێنێکدا و نووسیمەوە چونکە پێمزانی کە وەرگێڕی یەکەمی ئەم دەقە بە غەرەز و مەبەستەوە ئەم


وشەی نەنووسیوە بەڵام وەرگێر لە شوێنێکدا هەڵەیەکی یەکجار گەورەی کردوە و بە هۆی ئەوەی شارەزای زمانی کوردی نەبووە وشەی " گم گم" یان کۆترە باریکەی نووسیوەتەوە وەک خۆی.

گم گم وشەیەکی کوردی یە چونکە فارس پێی ئەڵێ " یاکریم" و عەرەب پێی ئەڵێ " یمام". تەنانەت ئەگەر یمام و حمامە بگەنەوە بە گم گم ، لەبەر ئەوەی گم گم وشەیەکی کوردی یە و لەم دەقە سۆمەرییەدا نووسراوەتەوە بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستیەی وا زمانی سوماری باوکی زمانی کوردی یە و زمانی کوردی کۆنترە لە زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سوپاس بۆ ئەوەی خەریکن ئەم بابەتە ئەخوێننەوە!

ئازاد کەریمی، ١٠ی جولای ٢٠٢٣/ دراممێن نۆروێژ

# Lugalbanda and the Anzud Bird



١-٢٧: لوگالباندا (ئەڵوانە، هەڵمانە، ئەڵوەن) لە شاخەکاندا، لە شوێنە دوورەدەستەکاندا وێڵ و وەیلانە؛ ئەو خۆی خستوەتە ناو شاخەکانی زابو وە. دایکێ لەگەڵدا نییە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات، باوکێ

لەگەڵدا نییە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات. کەس لەگەڵی نییە کە ناسیاری بێ. کێ بەهای پێدەدات، هیچ کەسێکی متمانەپێکراو نییە قسەی لەگەڵ بکات. لە ناخی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەدوێت:

"من بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ باڵندەدا دەکەم کە شایستەی ئەو بێت، مامەڵە لەگەڵ ئەنزود (زەندووە، زەندوک، زیندوگ، زیندو) دەکەم وەک ئەوەی شایستەی ئەو بێت. بە سۆزەوە سڵاو لە جووتەکەی دەکەم".

لە ئاهەنگێکدا هاوسەری ئانزود و بەچکەکەی ئانزود پەزێرە ئەکەم. ئانو، "خاتوو نین گوینا"م لە ماڵە بەرزەکەیەوە بۆئەهێنێ -- ئەو ژنە شەرابسازەی وا خزمەتی دایکی دەکات، نینکاسی ئەو پسپۆڕە مەیوانە وا پایشتی دایکی دەداتەوە .. . خوم (گۆزەی شەرابخستن)ەکەی لە لاپیس یان لاجەوەرەدی سەوزە و کوپەی ئاوجۆگرتنەکەی وا لە زێو و زێڕی ناوازە دروستکراوە، بۆ دادەنێم. ئەگەر لە تەنیشت ئاوجۆکە بوەستێت، دڵخۆشی هەیە، ئەگەر لە تەنیشت ئاوجۆکە دابنیشێت، دڵخۆشی هەیە؛ وەکو مەیوان، خوم تێک دەدات، هەرگیز ماندوو نابێت لە هات و چۆ کردن ، نینکاسی، خومەکەی لە تەنیشتدایە، لە پێش چەناگەی(لە بەردەمیدا)؛ با پێشکەشکردنی ئاوجۆکەم تەواو بکات.

کاتێک باڵندەکە بیرەکەی خواردووەتەوە دڵخۆش دەبێت. کاتێک ئانزود بیرەکەی خواردووەتەوە و دڵخۆشە، دەتوانێت یارمەتیم بدات بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنەی کە سەربازەکانی ئونوگ لەوێدان، ئانزود دەتوانێت من بخاتە سەر ڕێڕەوی براکانم."

٤٩- ٢٨: ئێستا دارە "هەڵۆ" نایابەکەی ئیزەد ئێنکی لەسەر لوتکەی شاخی کۆرنێل(ئاقێق)ی فرەڕەنگی ئیزەد هانەدا ڕاوەستابوو وەک تاوەرێک وا بە پایەداری لەسەر زەوی باڵای کردوە، هەموویان وەک "ئارو" تووکن بوون. بە سێبەرەکەیەوە وەک کەپەنکێک بەرزترین بەرزاییەکانی شاخەکانی داپۆشیبوو، وەک زرێوەر بەسەریاندا بڵاوبووبووەوە. ڕیشەکانی وەک مارەکانی ساگکاڵ لە ڕووبارە حەوت دەمەکەی ئوتودا پشوویان دەدا. لە نزیکەوە، لە شاخەکاندا کە سروشت لێی گەشە ناکات، کە مارێک تێیدا ڕاناخوشێ، کە دووپشک پێوەی نادات، لە ناوەڕاستی شاخەکاندا، باڵندەی "بورو-ئاز" (پرزە) هێلانەی کردبوو و تێیدا هێلکەی کردبوو؛ لە نزیکەوە باڵندەی ئانزود هێلانەکەی دانابوو و بەچکەکانی تێیدا نیشتەجێ کردبوو. هێلانەی ئانزود لە داری زەنجەفێڵ و داری شمشات دروست کراوە. باڵندەکە لقە درەوشاوەکانی کردبوو بە سەیوان بۆ هێلانەکە. کاتێک لە بەیانیدا باڵندەکە خۆی ئەکێشێتەوە ، کاتێک لە کاتی خۆرهەڵاتندا ئەنزود هاوار دەکات، بە هاوارەکەی بنار و شاخەکانی

لولوبی دەلەرزێت. ددانی نقە و چڕنوکی هەڵۆی هەیە. لە ترسی ئەودا، گا کێوییەکان هەڵدێن بۆ داوێنی گردەکان، کۆترەکان هەڵدێن بۆ ناو شاخەکانیان.

٨٩- ٥٠: هەڵمانە ژیرە و دەسکەوتی زۆر بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە. لە دروستکردنی کولێرە ئاسمانییە شیرینەکان(مەننا)دا، وریایی بە ژیری زیاد کرد. هەویرەکەی بە هەنگوین شێلا، هەنگوینی زیاتری تێکرد.

ئەوانەی نا بەردەست جووجەڵەکە وگۆشتی چەوری دەرخواردی دا. دووگی مەڕی پێدا. دەنووکی بە کولێرەکاندا دەکرد. جووجەڵەکەی خستەوە هێلانەکەی ،چاوەکانی بە کلە ڕشت، بۆنی داری سیداری سپی لە سەریدا، بابۆڵەیەکی لە گۆشتی قاورمە نا بەر دەم جووجەڵەکە. ئەو لە هێلانەی خۆی دوور کەوتەوە و لە کێوە ڕووتەنەکاندا وا سەوڵی لێ شین نابێ دانیشت بە چاوەڕوانی. لەو سەردەمەدا باڵندەکە کەڵگامێشە کێویەکانی ئەبرد بۆ زۆزان، ئەنزود کەڵەکێویەکانی ئەکرد بە گاڕان. ئەنزود گامێشێکی زیندووی بە چنگ هەڵئەگرت، گاێکی مردارەوەبوویشی ئەدا بە کوڵدا. ئەنزوود دەمەجاوەکەی خۆی هەڵئەهێناوە وەک دە دڵۆپ ئاو.

باڵندە() جارێک ڕاوەستا، بەرزەنجا() جارێک. کاتێ باڵندە ئەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی، کاتێ هەڵۆشێری بەرزەنجا ئەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی، بەچکەکەی وەڵامی نەداوە. کاتێ بۆ جاری دووهەم زەنگۆڵەی هێلانەی هەژاند، ڕۆڵەکەی وەڵامی نەداوە.

جاران کە باڵندەکە ئەگەڕایەوە بۆ هێلانەکەی، جووجەڵەکەی گڕوگاڵی ئەکرد. باڵندەی دڵتەنگ بانگی هەڵدا بە جۆرێک دەنگی گەییشتە گومەزەی ئاسمان، هاوسەرەکەی زێراندی: وەی! دەنگی گەییشتە بەزەیی(ئابزو). باڵندە هاواری کرد: وەی!

بەم بانگ و هەڵدای هاوسەرە خەمگینەکەی ، ئیزەدی چیاکان واتە ئانونا وای لێهات ڕاخوشییە شارە مێروولەکانەوە. باڵندەکە بە هاوسەرەکەی ووت: نەبوونی منداڵەکەم قورسایی بە سەر ماڵەکمدا درووست کردووە وەک تەویلە گەورەکەی هانە(ئاننا) ترس دادراوەتەوە بە سەریدا وەک ئەو کاتەی وا شێرە دڕەکان بەر ئەبنە یەک. کێ منداڵەکەمی لێم ستاندووەتەوە؟ کێ ئانزوودی لە هێلانەکەی ڕفاندووە؟

١١٠- ٩٠: بەڵام هاتە بەرچاو باڵندەکە، کاتێ لە هێلانەکەی نزیک بووەوە هاتە بەرچاوی ئانزودەوە، کاتێ گەییشتە بەر هێلانەکەی و بینی هیلانەکەیان وەک ماڵی خودا درووست کردووە. بە شێوازێکی

درەوشاوە ڕازابووەوە. جووجەڵەکەی لە هێلانەکەدا حەواندبوویانەوە، چاویان بە کلە ڕشتبوو، چڵی سیداری سپییان کردبوو بە لای سەریدا. پارچەیەک گۆشتی قاورمەی خوێڕێژەیان هەڵواسیبوو بە ژوور سەریەوە.

باڵندەکە ئەکەوێ بە خۆشیدا، ئانزود بە خۆشییەوە ئەڵێ: من شازادەیەکم وا چارەنووسی ڕووبارەکان ڕەچاو ئەکات. من لە سەر ڕێگەی ڕاست و باریکدا پاکان ئەپارێزم وا ئامۆژگارییەکانی ئێنلیل ئەکەن بە پیشە. باوکم ئێنلیل منی هێنا بۆ ئێرە. ئەو ڕای خستە دەستم بۆ ئەوەی ڕێگەی هاتنە ژوورەوە بۆ کوێستان بە دەرگایێکی گەورە داخەم. ئەگەر چارەنووسێک بنووسم کێ ئەیگۆڕێ؟ ئەگەر من تەنیا وشەیەک بڵێم کێ ئەیگۆڕێ؟ هەر کەس وای کرد لە هێلانەکەم ئەگەر ئیزەد و خواوەندکارێ بی لەگەڵت دەدوێم، دەبمە دۆستت. ئەگەر پیاو بی چارەنووست ڕێک ئەخەم. من ناهێڵم هیچ دژبەرێکت لە کوێستاندا هەبێ. تۆ ئەبێ ببی بە پاڵەوان (بەرگریکار)ی برج و بارووی ئانزوود.

١٣١ -١١١ : هەڵمانە، بە ترسەوە و بە چێژەوە و بە بەشێ لە ترس و بەشێ شادومانی یەوە مەرایی و خۆشامایی ئەکا بۆ ئەنزوود و ئەڵێ: باڵندەیەک بە چاوی پڕ لە بریقەوە، زایندەی ئەم مەڵبەندە، ئەنزود بە چاوی درەوشانەوە، خەڵکی ئەم هەرێمە لە کاتی خۆشوتن لە ئەستێردا شادی دەکەیت. باوەگەورەت، شازادەی میراتگری گشت میراتەکان، بەهەشتی دایە دەستی تۆ، هەرد و زەوی نایە ژێر پێتەوە. درێژاوارییی باڵەکانت پڕ بە پانتای ئاسمانە. لە سەر زەویدا چڕنوکەکانت وەک داوێکە وا بۆ کەڵگامێش و گامێشە کێویەکان دانراوە. بڕبڕاکەی پشتت وەک پشتی نووسەران قیت و سافە. لە کاتی فڕیندا سینگت وەک نیراخ (کەشتی) وایە وا ئاو هەڵئەدڕێ. سەبارەت بە پشتت تۆ وەک باخێکی خورمای ئاوەدانیت کە هەناسە لە بینینی توند دەبێ لە سینگدا. دوێنێ بە سەلامەت بەرەو تۆ هەڵاتم، لەوە بەدواوە خۆم داوەتە سا و پەنای تۆ. هاوسەرەکەت بە دایکم بێ ( فەرمووی/ئامین) و تۆ بە باوکم بی( فەرمووی/ئامین) منداڵەکانت بە برام بن. لە دوێنێوە لەو شاخانەی وا سەوڵی لێ ناڕوێ چاوەڕوانتم. با هاوسەرەکەت لە لاتەوە ڕاوەستێ و چاک و چۆنیم لەگەڵدا بکا و داواکارم جەنابت چارەنووسم بنەخشێنی بە نەخشی قەڵەمت.

١٤١ -١٣٢: باڵندەکە خۆی دەخاتە بەردەمی و پێی شاد دەبێت، ئەنزوودیش خۆی دەخاتە بەردەمی و پێی شاد دەبێت. ئەنزود بە لوگالباندای پیرۆز دەڵێت: "وەرە ئێستا لوگالباندای من. برۆ وەک بەلەمێکی پڕ لە کانزا بەنرخەکان، وەک کەشتییەکی دانەوێڵە، وەک بەلەمێک وا بارەسێو بار ئەکات، وەک بەلەمێک وا قەڵاقووچانە لە خەیار و ئەوەندە بەرزە وا سێبەر ئەخات، وەک گارییەک وا لە شوێنی خەرماندا بە دارماڵ بار کراوە، بە سەری بەرزەوە بگەڕێوە بۆ کولابا!

-- هەڵمانە کە توخمەکەی خۆشدەوێت ئەمە قبوڵ ناکات.

١٤٢-١٤٨ : وەک شارا کوڕە خۆشەویستەکەی هانە بە تیرە چزدارەکانی وەک تیشکی خۆر، بە تیرە شمشاڵیەکانی مانگەشەو تیربهاوێژە. با تیرە دڕوودارەکانی حەفی- ماری شاخدار بچێ بە گژ ئەوانەی وا بە دوژمنایەتی دەستیان کردەوە.

-- هەڵمانە کە توخمەکەی خۆشدەوێت ئەمە قبوڵ ناکات.

١٤٩ -١٥٤ : با نینورتا (نەنۆر/ئا-شور، ئاشێر) کوڕی ئینلیل کڵاوی شێری شەڕانی بکاتە سەرت، با زرێوەرێک  وا بووە بە قەڵغانی کوێستان و ناهێڵی کوێستان بجووڵێ ببێ بە قەڵغانی سینگت! کاتێ ئەڕۆی بۆ شار،...!

-- هەڵمانە کە توخمەکەی خۆشدەوێت ئەمە قبوڵ ناکات.

١٥٥-١٥٩: کەرەی مەشکەی پیرۆزی دوموزید وا خەڵاتە بۆ خەڵکی جیهان() دەدرێ بە تۆ، شێرەکەی وا بۆ هەموو خەڵکی جیهانە بە تۆ ئەدرێ().

-- هەڵمانە کە توخمەکەی خۆشدەوێت ئەمە قبوڵ ناکات.

وەک مەلی کیب، کیبی زەناوان، هەروەک چۆن بە ئاراستەی زۆنگاودا هەڵئەفڕێ، بە وشە وەڵامی دایەوە.

١٦٠ -١٦٦: باڵندەی ئەنزود گوێی لێراگرت.  ئەنزود بە هەڵمانە (ئەڵومن)ی پیرۆزی ووت: ئێستا بنۆڕە! هەڵمانەی من، هەر جارێکی تر بیر بکەرەوە. وەهایە: گاوەسنێک دەبێ بە ورە و نەستەوە بخرێتە کار، وڵاغێک دەبێ فێر بکرێ تاکوو بە ڕاستەڕێی خۆیدا بڕوا. بەسەر ئەوەشدا ، ئەوەی وا داتەوە بەسەرمدا دەتدەمەوە. من بە مەیلی خۆت چارەنووسێکت بۆ دەنووسم.

١٦٧ -١٨٣ : لوگالباندای پیرۆز وەڵامی دەداتەوە: "با هێزی ڕاکردن لە ڕانەکانمدا بێت، با هەرگیز ماندوو نەبم! با هێز لە باوەشمدا هەبێت، با قۆڵەکانم بە فراوانی درێژ بکەمەوە، با دەست وباڵ و مەچەکم هەرگیز لاواز نەبن! با جوڵەم وەک بزاڤی تیشکی خۆربێ، وەک هانە (ئینانا)، وەک حەوت

زریانەکە، ئەوانەی ئیشکور(ئیزەدی دەستەوگورز)، با وەک بڵێسەی هەورەتریشقە هەڵکفێم، وەک ڕەشەبا هەڵبگرم، لێمگەڕێ با بڕۆم بۆ هەر شوێنێ وا ئەکەوێتە بەرچاوم، بێڵە با پێ بنێمە هەر شوێنێ وا چاوم پێیئەکەوێ، بێڵە بگەمە هەر شوێنێک دڵم ئارەزووی دەکات و با پێڵاوەکانم داکەنم لە هەر شوێنێک وا دڵم دەسنیشانی کردووە! کاتێک ئیزەد ئوتو ڕێگەم پێدەدات بگەمە "کولابا" شارەکەم، با ئەو کەسەی جنێوم پێدەدات هیچ خۆشییەکی لێ نەبینێت؛ با ئەوەی دەیەوێت بە کەرم بزانێ هەرگیز نەتوانێ بڵێ " با هەر بێ!" .

من وێنەی تۆ لە دار درووست ئەکەم و چاویان تێئەبڕم بە شەوقەوە. بەم جۆرە ناوی تۆ لە سومەردا دەنگ دەداتەوە و دەچێتە ڕیزی ئیزەدە پایەبەرزەکانی پەرستگە گەورەکانەوە.

٢٠٢ -١٨٤: بۆیە ئەنزود بە لوگالباندای پیرۆز دەڵێت: "هێزی ڕاکردن لە ڕانەکانت دایە! هەرگیز ماندوو مەبە! هێز لە باوەشتدا بێت! قۆڵەکانت بە فراوانی درێژ بکەرەوە، با دەستەکانت هەرگیز لاواز نەبن! جوڵەت وەک بزاڤی تیشکەکانی خۆر بێ ، وەک ئینانا، وەک حەوتەانە. وەک برووسکەی لافاوی ئیشکور، وەک بڵێسەی ئاگر هەڵکفە، وەک برووسکە گڕ بگرە ! بڕۆ بۆ هەر شوێنێک کە سەیری دەکەیت، پێت دابنێ لە هەر شوێنێک چاوت لێیدەبێت، بگە بە هەر شوێنێک وا دڵت ئارەزووی دەکات و پێڵاوەکانت داکەنە لە هەر شوێنێک وا دڵت دەستی ناوەتە سەری ! کاتێک ئوتو ڕێگەی پێداوی تۆ دەگەیتە کولابا شارەکەت، ئەو کەسەی جنێوت پێدەدات هیچ خۆشییەکی لێ نابینێت، ئەوەی ئارەزووی هەوڵدان لەگەڵت دەکات هەرگیز ناڵێ " با هەربێت!" . ناوی من بەو هۆیەوە لە سۆمەر بەناوبانگ دەبێت و دەبێتە شانازیی پەرستگەکانی ئیزەدە گەورەکان. با ... بشەکێنێ بۆ تۆ ... هەر وەک سەندەل.

... با فرات لاقەکانت ... بکا.

٢١٩ -٢٠٣ : زاد و تۆشەی ڕێگەی وا نەیخواردبوو هەڵگرت و کەرستە و چەک و چۆڵەکەی یەک بە یەک هەڵگرت. ئەنزود (زیندوو) بە ئاسماندا هەڵئەفڕی و هەڵمانەش بە سەر زەویدا ڕۆینەی ئەکرد. باڵندە واتە ئانزود وا بە هەواوەیە و ئەفڕێ خەریکی چاودێری سەربازەکانە. هەڵمانە لە خوارەوە خەریک تەمەشایە، لە ڕێگەی ئەو تەپ و تۆزەی وا سەربازەکان بەرپایان کردووە خەرکی شیمانەیە. ئانزود بە هەڵمانە ئەڵێ: ئێستا وەرە! هەڵمانە گیان! ئامۆژگارییەکت دەکەم: باش وایە گوێم لێبگری. من چەن وشەت پێ ئەڵێم: ڕەچاویان بکە. ئەوەی وا ئەگەر پێتم گوت ، ئەو چارەنووسەی وا قەڵەمم لێدا بۆت، بە لای برادەرەکانتەوە باسی مەکە. بەختەوەری لەوانەیە ناخۆشیەکان بشارێتەوە: لە ڕاستیدا

وایە. ئێستاش با بڕۆمەوە بۆ هێلانەکەم. ئاگات لە شەڕوانەکانت بێ. باڵندەی بەرزەنجا خێرا باڵی بەرەو هێلانەکەی گرتەوە.

٢٢٠ -٢٣٧ : هەڵمانە وەک کەڵکێک وا لە زۆنگاوی پیرۆزەوە دێتە دەرەوە، وەک خاوەنکارانی لەخامە وا لە ئاوزەوە(آبزو) دێنە دەرەوە، وەک کەسێ وا لە ئاسمانەوە پێ ئەنێتە سەر زەوی، بە ناو سەرتۆپی برادەرە شەڕوانەکانیدا ئەڕۆیی. برادەرەکانی پچە و سرتەیان ئەهات، لەشکەرەکەی مقۆمقۆی تێکەوت. برادەران و هاوڕێکانی بە پرسیارەکانیان ماندوویان کرد: واوەرە هەڵمانەی خۆمان! دیسانەوە لێرەیت! سەربازەکان تۆیان وەک شەڕوانێکی کوژراوی گۆڕەپانی شەڕ بەجێهێشتبوو. دڵنیاین سەرگوڵی چەوروچڵیکی گۆشتی بەرغەلت نەدەخوارد. بەدڵنیاییەوە پەنیری تازەی مێگەلت نەئەخوارد. دیسانەوە برادەران و هەڤاڵان بە پرسیارەکانیان ماندوویان کرد: کەرتی ڕووبارەکانی کوێستان، دایکانی خاوەن بەش بەشێوازێکی بەرفراوان لەیەک جیابوونەتەوە. چۆن لەو ئاوانەوە ڕابووڕایت؟... ئەڵێی ئەوانەت نۆشیوە؟

٢٣٨ -٢٥٠ : هەڵمانەی پایەبەرز وەڵامی دانەوە: کەرتی ڕووبارە کوێستانیەکان، دایکانی پیت و فراوانی، بە شێوازێکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە. بە پێم لێیان ڕابووڕام. ئەو ئاوانەم وەک کەوڵ هەڵمژی (خووسام) و وەک گورگ ئەملوراندەوە، لە مێرگەکاندا گیاخۆریم ئەکرد، وەک کۆترەکێوی دەنووکم بە عەرزدا دەدا، بەرووەکێویلەم ئەخوارد. دۆست و برادەرانی هەڵمانە گوێیان لە قسەکانی ئەگرت. ڕێک ئەڵێی مەلە بچووکەکانن و سەرانسەری ڕۆژ و بەپۆل لەباوەشی ئەگرن و ماچی ئەکەن. ئەڵێی جوجەڵە خمخمە(کۆترەباریکە) وا لە هێلانەدا هەڵتروشکاوە و نان و ئاوی ئەدەنێ. ئەوان ماندوویی هەڵمانەی پیرۆز ئەحەسێننەوە.

٢٥١ -٢٨٣: پاشان پیاوانی ئونوگ بە تێکڕا ملکەچی بوون. ڕێگەی خۆیان بە نێو گرد و تەپەکاندا پێوا هەر وەک مار چۆن ڕائەخوشێ. کاتێ گەییشتنە شوێنێ وا دو وچان لەگەڵ شاردا مەودای بوو، لەشکری ئونوگ و سوپای کولابە لە تەنیشت ئەو سەنگەر و کەندانەی وا ئاراتتەی دەوردابوو، پەنایان گرت.

له شارەوە ڕم ئەباری هەروەک هەور چۆن باران ئەبارێنێ، بەردە قەڵماسک وەک دەنکە دەنکە بارانێ وا بە درێژایی ساڵ ئەبارێ ئەدران بە دیوارەکانی ئاراتتەدا و بە دەنگی بەرز ئەڕژانە خوارەوە.
ڕۆژان هات و ڕۆیی، مانگەکان ڕابووردن، ساڵ دوایی هات. خەرمان لە ژێر ئاسماندا پێگەیی و زەرد هەڵگەڕا. ئەوان بە لاچاو(حەسرەت) سەیری کێڵگە و مەزراکانیان ئەکرد. خەم و پەژارە دایگرتن. بەردی قەڵماسک وا وەک بارانی ساڵانە ئەبارێ، ئەباری بە سەر ڕێگە و باندا و ڕێگە گیرا بە دڕووداڵ وا وەک ئەژدیها پۆنگیان خواردبوو بە سەر ڕێگەکاندا. هیچ کەس نەیئەزانی چۆن بگەڕێتەوە بۆ شار، کەس بۆ گەڕانەوە پەلەی نەبوو. لە نێوانیاندا قەلەندەر(ئەنمەرکار) کوڕی ئوتو ترسا، خەم دایگرت. لەم خەمە تووشی پەژارە هات.

ئەو بە شوێن کەسێکدا ئەگەڕا کە بتوانێ بیباتەوە بۆ شار، گەڕا بە شوێن کەسێکدا وا بتوانێ بیگەڕێنێتەوە بۆ کولابا. هیچ کەس نەیگوت ئەڕۆمەوە بۆ شار. هیچ کەس نەیوت ئەڕۆمەوە بۆ کولابە. چوو بۆ لای خانەخوێی بێگانە(؟). هیچ کەس پێی نەوت ئەڕۆمەوە بۆ شار. هیچ کەس پێی نەوت ئەڕۆمەوە بۆ کولابە. لە پێش هێزی تایبەتدا ڕاوەستا. هیچ کەس پێ نەگوت ئەڕۆمەوە بۆ شار. هیچ کەس پێی نەگوت ئەڕۆمەوە بۆ کولابە. بۆ جاری دووهەم چوو بۆ لای خانەخوێی بێگانە. هیچ کەس پێی نەگوت من ئەڕۆم بۆ شار. هیچ کەس نەیگوت من ئەڕۆمەوە بۆ کولابە. ئەو لە پێش هێزەکانی تایبەت دا هاتە دەرەوە.

٢٨٤ -٢٨٩ : تەنیا هەڵمانە لە ناو ئەو خەڵکەدا هەستا و پێی گوت: شای من! من ئەڕۆم بۆ شار، بەڵام کەسم ناوێ لەگەڵم بێت، من بە تەنیا خۆم ئەڕۆم بۆ کولابا. هیچ کەس لەگەڵم نایێ.

قەلەندەر ووتی: ئەگەر بڕۆی بۆ شار کەس لەگەڵت نایێ. تۆ تەنیا بچۆ بۆ کولابە، کەس لەگەڵت نایێ. قەلەندەرشا هەڵمانەی بە زەوی و ئاسمان سوێند دا: سوێند بخۆ کە ناو و هێمای کولابە لە دەستت نەترازێ.

٢٩٠ -٣٢١: دوای ڕاوەستانی هەڵمانە لە بەرانبەر ئەنجومەن دا، لە کۆشکێکدا وا وەک کێوێکی بەرزە و لە سەر زەویدایە، قەلەندەر بەمجۆرە سەبارەت بە هانە گازندە ئەکا:

سەردەمانێک خوشکی شازادەم هانەی پیرۆز منی لە هەناوی پیرۆزی خۆیدا لە چیا ڕووناکەکانەوە بانگهێژ کرد. ئەو ڕێگەی دا من بێمە ناو کولابای خشتینەوە. ئەو شوێنەی وا سەردەمانێک ئەو زۆنگاوەی وا لە ئونوگدا بوو، پڕ بوو لە ئاو.

هەر کویێ وشکانی بوو، سنەووەری فرات تێیدا سەوز ئەبوو. لە قامیشەڵانەکاندا، قامیشی تازە و زەلانی  نوێ ئەهاتنە بەرهەم. ئیزەد ئێنکی وا شای ئێریدویە، قامیشە پیرەکانی بۆ من شکاند و ئاوی زۆنگاوەکەی بۆ من بەردا. پەنجا ساڵ درووستم کرد و پەنجا ساڵ سەرکەوتوو بووم. پاشان خەڵکی مارتو وا سەریان لە کشت و کاڵ دەرناچێ لە گشت سومەر و ئاکاد دا سەریان هەڵدا.

بەڵام دیواری ئونوگ لە سەرانسەری سەحرادا وەک تۆڕی پەلەوەرگرتن (داو) تەنراوە. ئێستا لەم شوێنەدا، سۆزی بۆ من کەم بووەتەوە. لەشکرەکەم وەک مانگای ئاوس وایە و بەسراوەتەوە بە گۆلکەکەیەوە. بەڵام خوشکی شازادەم هانەی پیرۆز وەک کورێکی لێهاتووە وا بە ڕق و قینەوە شار بە سەر دایکیدا بە جێئەهێڵێ و لە من هەڵدێ و ئەگەڕێتەوە بۆکولابای خشتینە.

ئەگەر شارەکەی خۆش ئەوێ و لە من بێزراوە بۆ ئەمبەستێتەوە بە شارەوە؟ ئەگەر لە شار بێزارە و لە هەمان کاتیشدا منی خۆش ئەوێ بۆ پابەندم ئەکات بە شارەوە؟ ئەگەر خۆشەویستیەکەی لە منەوە بردە ناو دیوەخانەکەی و وەک جوجەڵە ئانزودیک منی بەرەڵدا کرد با لانی کەم بمباتەوە بۆ کولابای خشتینە: لەو ڕۆژەدا ڕمەکەی من وەلاوە دەنرێ. لەو ڕۆژەدا لەوانەیە قەڵغانەکەم بشکێ.

(ئەی هەڵمانە! ) لەگەڵ خوشکی شازادەم هانەی پیرۆز وا قسە بکە!

٣٤٤- ٣٢٢ : دوای ئەوەی هەڵمانەی پیرۆز لە کۆشکی قەلەندەرشا هاتە دەرەوە. هەرچەندە هەڤاڵان و برادەرەکانی وەک سەگێکی غەریبە وا ئەیەوێ پەیوەست بێ بە گانەگۆڵەوە بۆی ئەوەڕان بەڵام ئەو وەک کەرەکێوییەکی بێخاوەن وا ئەیەوێ پەیوەست بێ بە ڕەوەی کەرەکێویەکانەوە بە ملبەرزییەوە چووە پێش.

- کەسێکی تر بنێرن بۆلای دەسەڵاتداری ئونوگ.

- بۆ قەلەندەرشای کوڕی ئوتو من بە تەنیایی ئەچم بۆ کولابا. هیچ کەس لەگەڵم نایێ!

هەڵمانە بەم جۆرە لەگەڵیاندا قسەی کرد.

- بۆ بەتەنیا ئەڕۆی و لە سەفەردا کەس لەگەڵ خۆتدا نابەی؟ ئەگەر ورەی فیداکارانەی ئێمەت لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر پەروەردگاری مێهرەبانی ئێمە لەگەڵتدا نەبێ، ئیتر لەگەڵماندا لەم شوێنەدا وا پێکەوە ڕاوەستاوین ، ڕاناوەستی. ئیتر لە شوێنێکدا وا نیشتەجێ بووین لەگەڵماندا دانانیشی، قەت پێ نانێیتە سەر ئەو زەوییەدا وا پێمان داناوە.

لەو شاخە بەرزانەوە وا کەس بە تەنیا ڕانابرێ، ناگەڕێیتە دواوە، ئەو شوێنەی وا کەس بەرەو ئاوەدانی و مرۆڤ ناگەڕێتەوە.

هەڵمانە ئەڵێ: ئەزانم کات دەرباز ئەبێ. کەستان لەگەڵمدا بە سەر ئەو پانتادا ڕێگە نابڕێ.

هەڵمانە لە کاتێکدا برادەران و هەڤاڵانی دڵتەپییان گرتبوو، لە کاتێکدا هاوڕێکانی دڵەخورپێیان گرتبوو، ئەو زاد و توێشەی وا نەیخواردبوو و گشت چەک و چۆڵەکانی یەکە یەکە هەڵگرت.

لە بناری کێوەکانەوە لە نێوان شاخەبەرزەکانەوە بۆ دەشتەکان، لە لێواری ئەنشانەوە هەتا ئەوپەڕی ئەنشان( لە لێواری دەشتی نیشاوە هەتا ئەوپەڕی دەشتی نیشای واتە مای دەشت)، لە پێنج و شەش و حەوت کێوەوە ڕابوورا.

٣٤٥ -٣٥٦ : لە نیوەشەودا ، بەڵام پێش ئەوەی سفرە و خوانی پیرۆز بێنن بۆ هانەی پیرۆز، بە خۆشییەوە پێی نا کولابای خشتینەوە. خانمەکەی، هانەی پیرۆز، لە سەر کووسەن (ژێرەخەر)ی خۆی دانیشت. هەڵمانە سەری هەتا سەر سینگی دانەواند و پاشان زەوی بەرپێی هانەی ماچ کرد. هانە بە چاوی پڕ لە ڕووناکییەوە ڕوانییە هەڵمانەی پیرۆز، هەروەک چۆن ئەڕوانێتە شوانی "ئامائوشومگەڵ ئانا". هانە بە دەنگێکی مێهرەبانەوە هەروەک چۆن لەگەڵ خواوەند شارا قسە ئەکات لەگەڵ هەڵمانەی پیرۆزدا دوا و گوتی: ئێستا وەرە، هەڵمانەی من، چۆنە لە شارەوە هەواڵ دێنی؟ چۆن هاتی بۆ ئێرە؟ بەتەنیا لە ئاراتتەوە؟

٣٥٧ -٣٨٧ : هەڵمانەی پیرۆز وەڵامی داوە: ئەوەی قەڵەندەر کوڕی ئوتو گوتی و ئەوەی ئەو ئەیڵێ و ئەوەی براکەت گوتی و ئەیڵێ بەم جۆرەیە:

ڕۆژێ لە ڕۆژان خوشکی پیرۆزم شازادە هانە منی لە کوێستانەوە بانگهێژی دڵی پیرۆزی خۆی کرد و منی هێنایە کولابای خشتینە. ئەو شوێنەی وا لەو کاتەدا زۆنگاوێکی لێبوو لە ئونوگ و پڕ بوو لە ئاو.

هەرکوێ وشکانی بوو سنەوەوەری فراتی لێ ئەڕوا. لە شوێنێکدا وا قوپی قامیشە پیرەکان و زەلکاوە تازەکانی لێ ئەڕوێن. ئێنکی ئەو ئیزەدی وا لە ئێریدودا پاشایەتی ئەکا، قامیشە کۆنەکانی بۆ من بڕی،

ئاوی ئەوێی بەردا. پەنجا ساڵ درووستم کرد و پەنجا ساڵ سەرکەوتوو بووم و دنیام بەدەس بوو. پاشان خەڵکانی مارتو وا کشت و کاڵ نازانن لە سەرتاسەری سومەر و ئاکاد دا سەریان هەڵدا.

دیواری ئونوگ لە سەرانسەر بیاباندا وەک داوی پەلەوەر گرتن بڵاو بووەتەوە. بەڵام ئێستا لێرە لەم شوێنەدا، من لە بەر دڵانی نیم. لەشکرەکەم ئەڵێی مانگایە و بە گۆلکەکەیەوە بەسراوەتەوە. بەڵام خوشکی شازادەم هانەی پیرۆز وەک کوڕێک وا لە تاو دایکی شار بەجێ ئەهێڵی، ڕووی کردووەتە کولابای خشتینە و لێرە گرساوەتەوە.

ئەگەر شارەکەی خۆش ئەوێ و لە من بێزارە، بۆ شارەکەی بە من بەستوەتەوە؟ ئەگەر لە شارەکە بێزراوە و لەگەڵ ئەوەشدا منی خۆش ئەوێ بۆچی منی بە شارەکەوە بەستوەتەوە؟ ( چارەنووسی منی بە شارەکەوە گرێ داوە). ئەگەر خۆشەویستەکەی لە منەوە گواستەوە بۆ دیوەخانە پیرۆزەکەی و منی وەک بەچکە ئانزودێک(هەڵۆشێر) بەرەڵا کرد، لانی کەم با من ببات بۆ کولابای خشتینە، لەو ڕۆژەدا ڕمەکەم وەلاوە دەنرێ. لەو ڕۆژەدا لەوانەیە قەڵغانەکەی من بشکێ. .. لەگەڵ خوشکی شازادەم هانەی پیرۆز بەم جۆرە قسە بکە.

٣٨٨ -٣٩٨: هانەی پیرۆز بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە:

ئێستا، لە کۆتاییدا، لە کەنار ئاوەکان، لە مێرگۆلان و زەناوەکان، لە ڕووباری زەلال، لە ڕووبارێک لە ئاوی زەلال، لە چۆمێک وا پێستی ئاوی درەوشاوەی هانەیە، ماسی بز واتە سوخورماش گیای هەنگوین ئەخوا. قربۆق بەڕووەکێوی ئەخوا... و ماسی بز واتە خواوەندی ماسی سوخورماشە (سورەماسی) وا بە شۆخ و شەنگی لەوێدا گەمە ئەکات و هەڵئەسووڕێ. بە کلکە پوڵەکەدارەکەی، قامیشە کۆنەکانی ئەو شوێنە پیرۆزانە ئەبزوێنێ. دار گەزەکانی ئەو شوێنە، هەر چەند دەنک بن، لە ئاوی ئەو کانیاوە ئەخۆنەوە.

٣٩٩ -٤٠٨: تەنیا ئەوەستێ، بە تەنیا ئەوەستێ! دارگەزۆیێک لە تەنیشتیدایە! کاتێ قەلەندەر کوڕی ئوتو ئەو دار گەزۆی بڕیوە و شووڵەکانی بە چەشنی سەوەتەیەک چنیوە. ئەبێ قامیشە پیرەکانی ئەو شوێنە پیرۆزە ببڕێتەوە و هەموویان چەپکە بکات. کاتێ کە ئەو سوورەماسیەی لە ئاو هێنا دەرەوە، بزن ماسی وا خواوەندی سوخورماشە ئەو ماسییەی گرت و برژاندی و چەشنی ی پێوە کرد و بە ناوی

گۆری و قوربانی پێشکەشی کرد بۆ چەکی "ئائانکار" وا هێزی شەڕوانی ی ئیزەد هانەیە، پاشان ئەوەی وا دەبێتە هۆی هێزی ژیانبەخش بۆ ئاوی کارێزەکانی ئاراتتە کۆتایی پێدێنێ.

٤١٢- ٤٠٩: ئەگەر ئاسنگەران و زێڕنگەران و پیشەسازانی شار هەڵگرێ بۆ خۆی، ئەگەر بەردە تاشراوەکان و بەردتاشان هەڵگرێ، ئەگەر شار درووست بکاتەوە و ئاوەدانی بکاتەوە، گشت کەرتەکانی ئاراتتە هی ئەوە.

٤١٦- ٤١٣: ئێستا شوورە و برجی ئاراتتە لە بەردەلازی سەوز درووست بووە، دیوارەکان و خشتەکانی وا لووت لە هەور دەدەن ڕەنگیان سووری ئاڵە، خشتەکانی لە بەردی قاڵایی تاشراون وا لەو کێوانەی وا داری سەوڵی لێ ئەڕوێ هەڵکەندراون.

٤١٧: ستایش بۆ هەڵمانەی پیرۆز.